# ئیمراتۆریەتی پارس وماد

وڵاتێک لە بەرزایی یە، ووشک و برینگەکانی ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیاوە تا ئیندوس درێژ دەبووەوە، پێش ئەوەی ناوی ئێران یا وڵاتی نەتەوە ئاریەکانی لێنرابێ، ئیلامیەکان و کاسیەکان لە ناوچە شاخاویەکانی دەوروبەریدا دەژیان، و نەتەوە ئاریەکانیش لە ناو ئێران. ئەم میلەتانە لە دەروبەری ساڵی ٢٠٠٠ پ.ز. بەرەو باشور ورۆژئاوا پەلداوێن. بەشێکی ئەم پەلهاوێشتنە، هیندیەکان و بەشەکی تری ئاریەکان پێکی دێنن. ڕەنگە (لەوانەیە) هۆزە پارس ومادەکان لە خوارووی ڕوسیاوە هاتبن، بەڵام ئەو شیمانیە هەتا ئێستا نەسەلمێنراوە .بەهەر حال لە دەوروبەری ساڵی ٨٥٠پ.ز. ناوی (ماد) لە سەرچاوە ئاشووریەکاندا هاتووە. دیارە ئەمەش مایەیی سەرسوڕمان نیە، چونکە (ماد/ مید) ەکان لە گەل ئاشوریەکان پێکیان داداوە (جەنگیان بووە.(

سەرجۆنی دووەم (٧٢١-٧٠٥ پ.ز) توانیویەتی چۆک بە (مید) ەکان دابدا، بەڵام ئەم چۆک پێدادانە زۆری نەخایاندوە وشاری (ئەکباتان ) دەبێتە پایتەختی (مید (ەکان و بنکەی پاڵپشتی لە بەرپەچدانەوەی هێرشکارە ئاشوریەکان. پاشان میدیەکان و کلدانیەکانی بابل هێزەکانیان یەکدەخەن وبەیەکەوە هێرش دەکەنە سەر ئاشوریەکان . لەژێر سەرکردایەتی شای میدی سیازارس( ٦٢٤-٥٨٤ پ.ز ) ساڵی ٦١٤ پ.ز میدیەکان شاری ئاشور داگیر وتالان دەکەن ودوو ساڵ دواتریش ،واتە لەساڵی ٦١٢پ.ز. شاری نەینەوای پایتەختیشیان وێراندەکەن. لە سەردەمی سیازارسدا، ماد دەبێتە بەهێزترین ئمپراتوریەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک )الشرق الأدنی) و سنورەکانی هەر ئێرانەوە تا لێوراەکانی دەریای ڕەش دەڕوات .تەنها مەملەکەتی لیدی لە ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک توانویەتی خۆی بەرامبەر بە میدیەکان ڕابگرێ. لەدەوروبەری ساڵی ٥٥٠ پ.ز چەندین تیرەو هۆزی جیاوازی فارسەکان لە کەناری کەنداوی فارسدا لە لایەن (سیروس/ کوروش بەفارسی)، شای مەملەکەتی ئەنسیان (Ansjan) ەوە ملکەچ دەکرێن. سیروس شا ، سەر بەخانەوادەی شا (ئەستیاگ) ی میدی بووە، بەڵام لێیان هەڵدەگەرێتەوەو دەتوانێ ئەستیاگ بخاتە زیندانەوەو لەماوەی بیست ساڵدا دەست بەسەر ئیمراتۆریەتەکی دابگرێ و هەروەها شا سروسوس ( Croesus)ی (لید) یش ببەزێنێ و دەستیش بەسەر شارە یۆنانیەکانی بەری ئاسیاش دابگرێ. سروسوس دەیزانی کە کوروش (سیروس) نیازی پەلاماردانی مەملەکەتی لیدیای هەیە، بۆیە ویستی خۆی دەست پێشخەر بێ لە هێرشکردنە سەر فارسەکان، بەڵام لە بەرئەوەی لە سەرکەوتن بەسەریاندا دڵنیا نەبوو، داوای ئامۆژگاری خواوەندی جەنگ دەلفی لە ئۆراکلی یۆنانی کرد (ئۆراکل ئەو کەسە بووە کە پێناوەتی نێوان خواوەندو خەڵکی دەکرد، چونکە خواوەندەکان بریتی بوون لە بت). ئەوکات ئەوان باوەڕیان وابوو دەبێ ئێزنی دەسپێکردنی جەنگ لەو خواوەندە وەربگیرێ، ئەوپشتیوانیان بکا بۆ سەرکەوتن. بۆ ئەو مەبەستە سروسوس ئاهەنگێکی قوربانی مەزن بۆ خواوەند دەلفی دەگێڕێ و لەو ئاهەنگەدا ٣٠٠٠ گیاندار دەکاتە قوربانی وژمارەیەکی زۆریش لە پارچە زێرو فەرشی گرنبەها و جلی




جوان بۆ دەلفی خواوەند و ئۆراکلی پیاوی خواوەند دەنێرێتە یۆنان. تا ئامۆژگاری ئەوەی بکەن کە هێرش بکا یا نا؟ وئەگەر کردی سەری بخەن لە هێرشە. پاش دامرکانەوەی ئاگری قوربانیەکە ، پارچە زێڕە تواوەکانی ناو خۆڵەمێشەکە دەردەهێنن و لە ١١٧ قالب دایدەڕێژنەوە و بۆ یۆنانی ڕەواندەکەن. ئۆراکل وەلامی سروسوس بەم شێوەیە دەداتەوە: ئەگەر سروسوس لە گەل فارسەکاندا بکەوێتە شەڕ لایەنە بەهێزەکە لەناودەچێ. ئەم وەڵامە بە دڵی سروسوس دەبێ وهێڕش دەکاتە سەر فارسەکان.
ئەم هێرشە کوت وپڕە ی سروسوس فارسەکان شپرزە دەکا، بەڵام لەبەر بەردەوام نە بونی سروسوس لە بەرەو پێشەوەچوون ، هەلی خۆ ڕێکخستنە دەداتە دەست کوروش، کوروشیش بەخێرایی سوپایەکی بەهێز ڕێکدەخا و هێرشی بەرامبەر ئەنجام دەدا ، بەڵام ناتوانێ سەرکەوتنێکی بەرچاو بەسەر بەرامبەرەکەی دا بەدەست بێنێ وزستانی بەسەردادێ و سروسوس سوپاکەی لە ئێران دەکێشتەوە و بەمەستی هێرشکردنەوە لە بەهاری داهاتوو، بەڵام کوروش گوێی بەزستان نەداو ئەم هەلەشی قۆستەوە و چاوەڕوانی کرد تا سروسوس گەیشتەوە مەملەکەتی لید ، ئینجا ئەو بەم زستانە هێرشی کردنە سەر و لەناو وڵاتی خۆیان بەزاندیانی و هەموو مەملەکەتەکەی خستە سەر ئیمپراتۆریەتە تازەکەی خۆی. ئۆراکل ووتی خواوەند درۆی نەکرد، بەڵام سروسوس خۆی لە ئامۆژگاریەکانی ئەو چۆتە دەرو گۆڕەپانی شەڕی چۆڵکردووە بۆیە دۆڕاندنی. کوروش بەم سەرکەوتنەی توانی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی تەنها میسر نەبێ. کە ئەویش لە ساڵانی (٥٢٩-٥٢١ پ.ز) لەسەر دەستی قەمبیز (Cabyses ) ی کوڕی کوروش داگیر دەکرێ و دەخرێتە ژێر ڕکێفی ئیمپراتۆریەتی پارس (فارس). لە ساڵانی ( ٥٢١-٤٨٦ پ.ز) داریۆش جێی قەمبیز دەگرێتەوەو هەندێ چاکسازی لە ئیمپراتۆریەکەدا دەکا، لەوانە:١ - دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتەکە بەسەر چەند ولایەتێک ودانانی والی یەک بەسەر هەریەکەیانەوە2- دورستکردنی ڕێگا وبان بەمەبەستی چالاکردنی بازرگانی و ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی هێزە سەربازیەکانی ٣- دانانی سیستەمی باج و سەرانە، بەمەبەستی دابینکردنی داهاتی پێویست بۆ هێزەکانی. بەڵام لە گەل ئەم چاکسازیانەشدا نەیتوانی بەسەر یۆنانەکاندا سەر بکەوێ ، هەروەها خشیار شای یەکەم (٤٨٥-٤٥٦ پ.ز (Xerxes)ی کوڕیشی دوای ئەو، سەرەڕای چەند هێڕش هەر نەیتوانی ئەم سەرکەوتنە بەدەست بهێنێ. ئەو (شا) یانەی دوای دارا (داریۆس ) هاتن ، سەرەڕای ئەو سیستەمەی پێشکەوتووە و بەڕێوەبەرایەتیە بەهێزەی دارا بەمیرات بۆ جێهشتن ، نەیانتوانی ئیمراتۆریەتەکە لە فەوتان و لەناوچوون بپارێزن. بەهۆی خراپ ڕەفتاری ئەم شا یانەی دوای دارا زۆربەی ویلایەتەکان لە ڕاپەرینی بەردەوام دابوون، دژ بە ئیمپراتۆریەتی فارس وهەتا کار گەیشتە ئەوەی میسریان لێ جودا ببێتەوە، بەڵام ئەردەشێر ( (Artaxerxes٣٥٨ -٣٣٧پ.ز ) توانی جارێکی تر میسر بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی فارس و دەسەڵاتی خۆی لەناوەوەی ئیمپراتۆریەتەکەدا بە هێز بکا. بەڵام ئەوەی ئەردەشێریش ئەوەندە ناخایەنێ چونکە ئەسکەندەری مەکەدۆنی لە دەروبەری ساڵی ٣٣٠پ.ز بەهێزێکی پێکهاتوو لە مەکەدۆنی و یۆنانی هێرشە بەناوبانگەکەی بۆسەر ئیمپراتۆریەتی فارس دەکا و بەتەواوەتی ئەم ئمپراتۆریەتە لەناو دەبا وتەواوی خاکەکەی دەخاتە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی. .

**وەرگێڕانی لە هۆلەندیەوە:**
**جمال مەلاقەرە**

سەرچاوە:
*مێژووی جیهان لە نوسینی*
A.K van der Hoek & Drs. A. Zwart

## تێبینی:

**مادەکان یەکێک لەکۆنترین تیرەکانی ئارین، لەهەردوو تیرەی مادی بچووک و مادی گەورە پێکهاتبوون، تیرەی مادی گەورە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا فەرمانڕەوایەتیان کردوە، واتە لە شوێنی عێراقی ئێستا بەر لە هاتنی عەرەب و ئیسلام بۆ ناوچەکە. تیرەی مادی بچووک لە ئاران و شێروان و قەفقازیاو ئەرمەنستان و ئازەربایجانی ئێستادا فەرمانڕەوایەتیان کردوە.** (ڕۆژی گەل)

# سەرنجێک لەسەر پێشکەوتنی کۆریای باشوور



تا ساڵی 1960 باشووری کۆریا لە لیستی وڵاتانی گەشەسەندوودا دەژمێردرا، هیچ نیشانەیەکی پێشکەوتنی پێوەدیار نەبوو، کەچی ئەمڕۆ لە بازاڕەکاندا تی ڤی دروستکراوی کوریا هەیە، رادیۆ، دیکۆردەر و کۆمپیوتەر بەرهەمی کۆریا هەیە، هەروەها ئۆتۆمۆبێل بەهەر سێ جۆری بچووک، کەشتی و بارهەڵگری گەورە دروست دەکات، گەلێک کۆمپانیای بەڵیندەرایەتی و بیناسازی هەیە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە بەرهەمەکانیان گشتیان جۆری باش و پێشکەوتوون. لەهەمان کاتدا هەرزانترن لە چاو بەرهەمی وڵاتانی دیکە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: چۆن کۆریا توانی ململانێ لەگەڵ دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکاندا بکات؟

دوای تەواوبوونی جەنگی کۆریا (1903- 1950) باشووری کۆریا لە ڕەوشێکی زۆر خراپ دابوو، شەڕ ئابوری و پیشەسازی وێران کردبوو، بەرهەمهێنان نەدەگەیشتە یەک لەسەر سێی بەرهەمی 1945، بەرهەمی کشتوکاڵ زۆرینەی بەرهەمی پێکدەهێنا، لەگەڵ هەندێک بەرهەمی پیشەسازی پەیوەندی دار بە کشتوکاڵەوە.

لەماوەی ساڵانی (1903-1956) وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ملیارێک و حەفت سەد ملیۆن دۆلاری لەو وڵاتەدا سەرمایەگوزاری کرد، سەدان شارەزاو پسپۆڕی کارامەی ڕەوانەی کۆریا کرد. هەربۆیە لەساڵی 1960 بە کردەوە دەستی بەپلاندانان کرد بۆ پڕۆژەکانی پیشەسازی. ساڵی 1962 بەسەرەتای پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنی پێشکەوتنی پیشەسازی دادەنرێ کە پلانی پێنج ساڵی یەکەم (1962-1966) دەستی پێکرد. پاشان پلانی پێنج ساڵی دووەم لە (1967-1971) دەستی پێکرد، لەو قۆناغەدا کۆریا چووە قۆناغی رابوون و دەرچوون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ساڵی 1965 وڵاتی کۆریا دوو قەرزی گەورەی لە یابان وەرگرت. یەکەمیان 300 ملیۆن دۆلارو ئەوی دیکەیان 200 ملیۆن دۆلار. هەروەها کۆمپانیاکانی یابان بۆخۆیان ڕاستەوخۆ سێ سەد ملیۆن دۆلاریان سەرمایەگوزاری کرد. واتە لەماوەی دە ساڵدا لە1956تا1966 دوو ملیارو نیو دۆلار ڕژایە ناو ئابوری کۆریاوە، واتە هاتە ناو ئەو وڵاتە. ئەوەش دەستکەوتێکی گرنگ و کاریگەربوو بۆ پێشکەوتنی ئابوری و پیشەسازی، هەروەها هۆکارێک بوو بۆ کێشکردنی هەندێک کۆمپانیای گەورەی جیهان بۆ کۆریا، بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکیەکانیان. کە تێیدا دەستی ئیشکار هەرزان و کارکردنیان زۆر ڕێک و پێک بوو، کە وەک سیستەمی سەربازی وایە. ئەمە جگە لەو شتانە یارمەتی و هاوکاری وڵاتانی ڕۆژئاوا و نزیکی کۆریا لە بازاڕەکانی ئاسیا کە شوێنێکی ستراتیژی هەیە، هۆکاربوو بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی.

لێرەدا کاربەدەستان، ئامانجێکی ئابوری و ستراتیژیان لەبەرچاو گرت، دروشمیان بریتی بوو لە (پیشەسازی بۆ ناردنە دەرەوە) و هەوڵ وکۆششکردن بۆ بەرهەم هێنانی شمەکێک کە بتوانێ ململانێی بەرهەمی وڵاتانی دیکە بکات لە بازاڕی جیهاندا.

ئەگەر بڕوانینە ناوەندی گەشەسەندنی ساڵانەی بەرهەمهێنان لە کۆریای باشور، دەبینین لەنێوان ساڵانی 1965تا 1980 ڕێژەکە گەیشتۆتە 9.5%، لە ساڵی 1980تا 1986 گەیشتۆتە 8.2%، ئەو ڕێژەیەش بەرزەو هیچ وڵاتێکی جیهان لەو ماوەیەدا پێی نەگەیشتوە.

بۆ نموونە لە ماوەی یەکەمدا ئەمریکا گەیشتە 2.8%، لە ماوەی دووەم گەیشتۆتە 3.1%، کەچی لە یابان 6،3% و 3،7%، یەک لە دوای یەک. لە ئەڵمانیا 3.3%و 1.5%، فەرەنسا 4.4% و 1.3%. لەلایەکی دیکەشەوە ناوەندی کۆی گشتی ساڵانە هەڵئاوسان 4.5% بوە، کەچی لە هەندێک وڵاتدا بەم شێوەیە بووە: ئیسپانیا 11.8%، ئێرلەندا 10.7%، ئیتالیا 13.3%، بەریتانیا 6% و سوید 8،3%.

### کاکردن عیبادەتە:-

ڕێکوپێکی کۆریاییەکان لە کارکردندا بۆتە پەند و ناسراوە، تەنانەت لە جادەو شەقامە پاک و خاوێنەکانی سیئۆلی پایتەختدا هەست پێدەکرێ، کەخێرای بەڕێوە دەڕۆن، دیارە کە مژول و سەرقاڵن. لە کۆریادا چەندان کۆمپانیای گەورە وەک سامسۆنگ و هوینەدای و دێوی.. هەیە، لەیەکێک لە پێشەسازیەکانی بەرهەمهێنانی کاڵا، شمەکی ئەلەکترۆنی هەندێک مەرج بەسەر ئافرەتاندا دەسەپێنن، ئەویش دەبێ بۆ ماوەی پێنج ساڵ شوو نەکات، لەبری ئەوە پیشەسازیەکە، خانوی ڕاخراوی پێدەدات! بازاڕو کۆمەڵگەیەکی گەورە دروستکردن کە هەمو جۆرە دوکانێکی لێیە لەگەڵ شوێنی کات بەسەربردن. لەبەر ئەوەی هاندانی خەڵک بۆ کارکردن و بەرهەمی باش بەشێکە لە سیاسەتی دەوڵەت بۆیە حکومەت یاسایەکی دەرکردوە بە لێخۆشبوون و تەجنیدکردنی بە زۆری بۆ هەزارەی یەکەمی هەر خولێکی زانکۆ، ئەوەش هاندەرێکی گرنگ و بایەخدارە لەو وڵاتێکدا لە بنەمای خوێندنی فراوان و گەورەیە.

### ئامادەکردن و ڕاهێنان:-

لەبەر ئەوەی کۆریا چالاکی لە گشت کەرت و بوارەکانی پیشەسازی و زانستی ئەنجام دەداتی، بۆیە هەر لە ژوورەوە دەرکی بە گرنگی زانست کردوە و ناکرێ بەبێ زانست پێشکەوتن ئەنجام بدات. لەبەرئەوە زۆر بایەخیان بەدامودەزگە زانستیەکان داوە، لەو بارەیەوە بەڕێوەبەری پلاندانان لە وەزارەتی زانست و تەکنەلۆژیا بەڕێز **یوسی** دەڵێ: ئێمە زۆر بایەخ بە خوێندن و مەنهەج و پڕۆگرامی خوێندن دەدەین.بەردەوام چاکسازی و گۆڕانکاری بەسەر پڕۆگرامی خوێندن دادێنین. تاکو سازبێت لەگەڵ تازەترین زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم. لە کۆریا 77 دامودەزگەی زانستیمان هەیە، جگە لە بنکەی تۆژینەوەی زانستی، پەیوەندیمان هەیە لەگەڵ ئەمریکا لە بواری پیشەسازی ئەتۆمیدا. ئاستی فێرخوازان و دەرچوانی زانکۆ لە کۆریا کەمتر نیە لە ئاستی خوێندکارانی زانکۆکانی جیهان.

هەروەها مینۆ ئەنیک، بەڕێوەبەری پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆمپانیای دێوۆ بۆ بەرهەمهێنانی ئۆتۆمۆبێل و پیشەسازی قورس دەڵێ: ئێمە لە شارێکی بچووکی پیشەسازی کار دەکەین جگە لە دروستکردنی ئۆتۆمۆبێل، ئامێرەکانی ڕاگەیاندن، کۆمپیوتەریش بەرهەم دەهێنین و 15 هەزار کرێکارمان هەیە. هەموو جۆرە خزمەتگوزاریەکی کۆمەڵایەتیان بۆ ئامادە دەکەین، هەر لە شوێنی حەوانەوەو چێشتخانە تا دەگاتە ئامادەکردنی گەشتکردن بۆ حەسانەوەیان. کرێی مانگانەی کرێکارەکان لەنێوان 500 تا 3000 دۆلارە. بەرهەمەکانمان بازاڕی قۆرخ کردوە، بەتایبەتی بەرنامەی سۆفت وێرد و مایکرۆسۆفت. ئێمە بنکەی تۆژینەوەی زانستیمان هەیە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و داهێنان کە یارمەتیمان دەدات بۆ پێشخستنی بەرهەمەکان. هەموو کۆمپانیاکان بنکەی تۆژینەوەی زانستیان هەیە، پاداشت و خەڵات بەو کەسانە دەدەن کە بیرۆکەی باشی داهێنانیان هەبێت.

دەکرێ بگوترێ کە ئێستا کۆریا دوەمین وڵاتی جیهانە لە دروستکردنی کەشتی گەورە و کەشتی نەوتهەڵگر. ئێستا کۆریا لە ریزی پێشەوەی وڵاتە پیشەسازیە گەورەکاندایە، کۆریەکان نیشانەو نموونەی مرۆڤی کارامەو بەتوانا لەکاکردن و پێشکەوتنی خێران. بۆیە ململانێی لە گەشەسەندن و پێشکەوتندا تەنیا کات و زەمەن پێوەرنیە، بەڵکو ویستی مرۆڤ، زانست و کۆششکردن بۆ پێشکەوتنی ژیان پێوەری ڕاستەقینەیە.

**وەرگێڕانی: م. محەمەد**

**سەرچاوە: گۆڤاری ئەلعەرەبی ژمارە 380**